مەندەلاوی داوای تەمارکردنی سکاڵای نەوەوەتی لەسەر ئیسرائیل دەکات

موحسین مەندەلاوی، جێگری یەکەمی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرکۆنەی توندی بە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لە ڕۆژی هەینیدا دەربڕی و هۆشداریدا لە "مەترسی ئەم پێشێلکارییەی ئاشکرایەی ڕێککەوتننامە و یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە".

موحسین مەندەلاوی لەپەیامێکدا داوای لە "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە بەپەلە هەنگاو بنێن بۆ سنوردارکردنی ئیسرائیل و هەنگاوەکانی، کە ئامانجی گەدانەوەی شەڕە لە ناوچەکەدا"، جەختیکردەوە کە بەردەوامی بدەنگی لە بەرامبەر تاوانەکانی داگیرکاری و پێشێلکارییەی ترسناکەکان لەم کاتە گرینگ و هەستیارەدا لێکەوتەی ترسناك و حەتمی بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی دەبێت".

جێگری یەکەمی سەرکی پەرلەمانی عێراق داوایکرد "سکاڵایەکی نێودەوڵەتی عێراقی لەسەر ئەو قەوارە ئیسرائیلییەی تەمار بکرێت بەهۆی پێشێلکردنی ئاسمانی وڵاتەکە و بەکارهێنانی بۆ هێرشکردنە سەر دراوسێکانی عێراق کە ئەمەش پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەری نیشتمانییە".